# زانیاری لەبارەی لێکدانەوەی هاوبەشیّ زانیاری

# «سیستەمی زانیاریی هۆشپێوەبوون و یارمەتیدان»

# بەپێی مادەی 13 و 14 لە ڕێسای گشتیی پاراستنی دەیتا (DSGVO)

**ناو و ناونیشانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی کۆنترۆڵ:**

Bundesamt für Fremdenwesen und Asyl (نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری)
Modecenterstraße 22, 1030 Wien
تەلەفۆن: 7004 98 133 59 -43+
فاکس: 7399 98 133 59 -43+
ئیمەیل: BFA-Einlaufstelle@bmi.gv.at

**ناونیشانی پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی پاراستنی زانیاری:**

تەلەفۆن: 0 - 98 133 59 -43+
ئیمەیل: BFA-Datenschutzbeauftragter@bmi.gv.at

**ئەو مەبەستانەی کە زانیاریی شەخسییان بۆ پرۆسێس دەکرێت:**

پرۆسێسکردنی هاوبەشی زانیاریی شەخسیی ئەو تاکەکەسانەی کە دەبێ چاودێری بکرێن لەلایەن نووسینگەی فیدراڵ بۆ کۆچبەری و پەنابەری و ئەو نووسینگە هەرێمیانەی کە دانراون بۆ بەخێوکردنی کەسانی بیانی بەپێی مادەی 2، پاراگرافی 1 لە ڕێکەوتنامەی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی و یاساکانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ

**بنەمای یاسایی بۆ پرۆسێسکردن:**

مادەی 8 لە یاسای فیدراڵ سەبارەت بە ڕێکەوتنامەی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی بۆ پەنابەران و بیانیە شیاوەکانی تر، 2005 (GVG-B 2005) لەگەڵ ڕێکەوتنامەی بەخێوکردنی بنەڕەتی و خزمەتەکان، بەپێی مادەی a15 لە یاسای بنەڕەتیی فیدراڵ.

**ئەو ماوەیە کە دەیتای شەخسی هەڵدەگیردرێت:**

دوو ساڵ دوای بەسەرچوونی دابینکردنی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی دەبێ دەیات بسڕدرێتەوە، بە مەرجێک لەو کاتە دا ئەم دەیتایە پێویست نەبێت بۆ ئەو هەنگاوە یاساییانەی کە هێشتا جێبەجێ نەکراون یان بۆ جێبەجێکردنی کارێک بەپێی مادەی 11 لە ڕێکەوتنامەی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی.

**دەستەکانی ئەو لایەنانەی کە دەیتای شەخسییان پێ دەدرێت:**

هەر دەزگایەکی مرۆڤدۆستی، ئایینی یان هەر دەزگایەکی کەرتی تایبەت وەکوو دەزگای یاسایی ڕاسپێردراوی فیدراسیۆن یان پارێزگا فیدراڵەکان؛ ئەو دەزگایانەی کە بەرپرسیارن لە دابینکردنی مینیمۆمی یارمەتیی دارایی بەپێی براوردی داهات؛ خزمەتی دامەزراندنی گشتیی نەمسا (AMS)؛ ڕێکخراوەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی؛ دەسەڵاتە داراییەکان؛ دەسەڵاتدارانی هەرێمی ئیداری وەکوو دەسەڵاتدارانی تەندروستی؛ دەسەڵاتدارانی ئاسایش؛ دەسەڵاتدارانی خۆشگوزەرانیی گەنجان؛ سندووقی یەکخستنی نەمسا؛ نووسینگەی نوێنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە نەمسا؛ دەسەڵاتدارانی بیانی لە بواری کۆچبەری و پەنابەری؛ دابینکەرانی خزمەتی نیشتەجێکردن کە نوێنەری ڕێکخراوەکانن (ڕاسپێردراون بۆ دابینکردنی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی)؛ ئەو کۆمپانیانەی گواستنەوە و هاتووچوو کە ڕاسپێردراون بۆ گواستنەوەی ئەو بیانیانەی کە پێویستیان بە پاڵپشتی و پاراستن هەیە و شیاوی پاڵپشتین (پەنابەران، کەسانی شیاوی پەنابەری، کەسانی دەربەدەر و ئەو کەسانەی تر کە لەبەر هۆکاری یاسایی یان دیفاکتۆ ناکرێت دیپۆرت بکرێن)؛ دەسەڵاتی تۆماری سۆرسپین (SourcePIN) لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانە دا کە لە یاسای حکوومەتی ئەلەکترۆنی دا دیاری کراون؛ دەزگای ئاماری نەمسا

لێکدەرەوەکان (کە لە مادەی 4، ئایتیمی 8 لە DSGVO دا دیاری کراون، بە تەرتیب، مادەی 36، بەشی 2، ئایتیمی 9 لە یاسای پاراستنی دەیتا (DSG)):
وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ؛
;IBM Österreich - Internationale Büromaschinen Gesellschaft m.b.H.
;Microsoft Österreich GmbH ;Bundesrechenzentrum GmbH
Atos IT Solutions and Services GmbH

**مافەکانی سووژەی دەیتا:**

بەپێی مادەی 24، پاراگرافی 1 لە یاسای پاراستنی دەیتا (DSG)، خەڵکمافی ئەوەیان هەیە سکاڵا بدەنە دەسەڵاتی پاراستنی دەیتای نەمسا (1080 Wien, Wickenburggasse 8، تەلەفۆن 0-152 52 1 43+، ئیمەیل dsb@dsb.gv.at).

مافی دەستپێگەیشتن لە مادەی 15ی DSGVO دا دیاری کراوە.

مافی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لە مادەی 16ی DSGVO دا دیاری کراوە.

مافی سڕینەوە («مافی لەبیربردنەوە») لە مادەی 17ی DSGVO دا دیاری کراوە.

بەپێی مادەی 21ی DSGVO هیچ مافێک بۆ نارەزایەتی دەربڕین نیە و بەپێی مادەی 18ی DSGVO (مادەی 8، پاراگرافی 4 لە یاسای فیدراڵ بۆ دابینکردنی چاودێری و خزمەتی بنەڕەتی بۆ پەنابەران و بیانیە شیاوەکانی تر، 2005 (GVG-B))، هیچ مافێک بۆ دانانی سنوور بۆ پرۆسێسکردن نیە.